ئەوەی خواردنی ڕۆژووشکاندن ببەخشێت بە ڕۆژووگرێک؛ ئەوا هەمان پاداشتی ڕۆژووگرەکەی بۆ هەیە

لە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خواردنی ڕۆژووشکاندن ببەخشێت بە ڕۆژووگرێک؛ ئەوا هەمان پاداشتی ڕۆژووگرەکەی بۆ هەیە بە بێ ئەوەی هیچ شتێک لە پاداشتی ڕۆژووگرەکە کەم بکات».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی فەزڵی بەخشینی خواردنی ڕۆژووشکاندنی تێدایە بۆ کەسێک کە ڕۆژووی گرتبێت، فەرموودەکە هاندەدات وڕێنموێنی دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە چاکە چونکە ئەوەی ئەنجامی بدات ئەوا وەکو پاداشتی ڕۆژووگرەکەی بۆ دەنووسرێت بێ ئەوەی هیچ شتێک لە پاداشتی ڕۆژووگرەکە کەم بکات، وئەمیش لە فەزڵ وبەخشینی خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی- لەسەر بەندەکانی، وهۆکاری هاوکاری وخۆشەویستیە لە نێو مسوڵمانانداو لەسەر چاکەکاری وتەقواداری، واتای دیاری فەرموودەکە ئەوەیە هەرکەسێک خواردنی ڕۆژووشکاندن ببەخشێت بە ڕۆژووگرێک ئەگەر خورمایەکیش بێت ئەوا پاداشتی ڕۆژووگرەکەی بۆ دەنووسرێت، بۆیە پێویستە مرۆڤ بە پەرۆش بێت لە بەخشینی خواردنی ڕۆژووشکاندن بە ڕۆژووگران بە پێی توانا بە تایبەت بەخشین بە ئەوانەی هەژارن وپێویستیان بە یارمەتی هەیە وکەس نییە خواردنیان بۆ ئامادە بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6271